# ڕوونکردنەوەک ئەگەر نەیڵێم هەناسەیەکی ترم خەفەدەکرێ !

**حەمەشوان شەریف**
060206
Hamashwan1@hotmail.com

**چەند ڕۆژێک لەمەوبەر من سەرقاڵی نوسینەوەی هەموو ڕۆژێک دوویاقووت بووم لە ڕۆژنامەئاسمانیەکەی دەنگەکانەوە خستمەبەر چاوی خوێنەرانەوە . چەند ڕۆژێکیانم بڵاوکردەوە من ئەم ڕۆژانەم وەک زمانی شعر نەنووسیوە کە زۆر بەی ئەوخوێنەرانە بە شیعر تێیگەیشتون ، بەڵکو بە زمانێکی شێوە فەلسەفیانە هەوڵمداوە بیانووسمەوە و تۆزقاڵێک**
**لە سەرو ملی فەلسەفە بتەکێنم ، بڕواتان بێت لە ئەزمونێکی کاڵەوە بە زۆرە ملێ خۆم فڕێنەداوەتە باوەشی تۆخی فەلسەفەوە . بیرمە لە سوقراتەوە بۆ نیوتن و لەوێوە بۆ شیلنک و**
**جان جاک ڕۆسۆ و کانت .پاشان تەواو کرندنی تاک* خۆ وسیتی لە ڕونگەکەنانی سارتەرو سەر هەڵدانم لەهێلانەکانی گومانی ڕامبۆ و ڤۆڵتێرە وە دەر هێناوە و لە وێوە بۆ ماڵی یواکیم دیکارت و دواتر هێگل مەستی کردوم و بە گڕی ئاین و مەعریفەدا بردوومی .پاشان شەڕەکەی نیوتن و دۆزینەوی هەسارەکەی سیریس * لەنێوان موشتەری و مەریخ دا . پاشان ئنکاریەکەی هێگل پەستی کردووم ... هتتت .... زۆر ناڵێم و زۆر نانوسم . ماوەیەکی زۆرە بەم نوسینەوە سەرقاڵم واتەهەموو ڕۆژێک دوویاقووت * ئەو ڕۆژانەی من لە 365 ڕۆژ پێک هاتوون و سەردەمێکە بەدیاریانەوە نەخەوتوم . خۆشەویستان و خۆێنەرانی هێژا سوپاسێکی گەورەتان دەکەم بۆ ئەو دەست خۆشیانە کە لە ڕێگەی مەیلەکەمەوە بۆم هاتووە . هەرسوپای ئەو بەرێزانەش دەکەم کە ڕەخنەم لێدەگرن و بە گژمدا دەچن و هەڵەکانم بۆ ڕاست دەکەنەوە . لە نەفامی ئەوانەش خۆش دەبم کە تێناگەن و پێم دەوەڕن ، بەڵام..باڵام ... لە مەیان خۆش نابم کە ڕستەکانم بەرن و بەناوی خۆیانەوە بڵاوی کەنەوە .من سەردەمێکی زۆرە بەو گیرۆدەیەوە دەناڵێنم .هۆنراوەم بە ناوی شاعیری ترەوە بڵاودەبێتەوەو دە قەکانی هەڵەبجەشم لە سەر لافیتەکان بەناوی شۆڕشەوە دەنوسرێت . خۆشەویستانم ئەوانەتان بۆ باس ناکەم و کای کۆن بە بـــــا ناکەم !!!!**
**بمبورن کە دەڵێم نووسەرێکی د ز ی تازەم گرتوە و خۆتان یاسای بۆ دابنێن**
**کەبە ناوی دانیاڵ ئاوات لە ژێر ناونیشانی هەموو ڕۆژێک چوار یاقووت دوێنێ 060205دا لە گۆڤارەئاسمانیەکەی کوردوستان نێتدا بڵاوی کردبویەوە .بەداخەوە گۆڤارەکوردیەکان زۆر بەیان لەئاست یەکتردا( لالا) . ئەم بەرێزە لە ڕێکەوتی 060203دا نامەیەکی بۆناردبووم کە گویایە ماوەیەکی زۆرە دەیەوێت شیعر بڵاو بکاتەوە بە ڵام نەیوێراوە .کە ئەم ڕۆژانەی منی بەر چاو کەوتوە لە دەنگەکاندا نامەیەک دەنێرێت بۆ دەنگەکان و دەنوسێت لە باتی دوو یاقووت لە ڕۆژێکدا ها ئەوە چوار یاقووت .ئەم بەرێزە ناوی تەواوی خۆی نوسیوە کە ناوی هێمن سۆفی ستارە و بەناوی دانیاڵ ئاوات وە نوسین بڵاو دەکاتەوە .**

**خۆێنەری بەڕێز ئەگەر ئارەزووتان کرد بەردەوام بم لەو ڕۆژە یاقووتانە دەتوانن وەلامم بدەنەوە . بۆ ئەوەی من گوێنەگرم و بڵاوی بکەمەوە و درێژەی پێبدەم دەنا ئەم نوێخوازیەشم وەک هە ناسەکانی ترم دەیان خەوێنم تا بۆ خۆیان دەمرن .!! ئەگەر ئێوەی خوێنەر وەلامتان دامەوە بە پۆزەتیف ئەوا ناونیشانی**

هەموو ڕۆژێک دوو یاقووت دەگۆڕم بۆ ( مروارییەکانی ناو قووڕاو )!!!!!!!؟ ..

دە نا تا چوار کەسی وەک کاکە* یان خوشکە* دانیاڵ ئاوات* یان بۆ تاین دەبێت و بەناوی خۆیانەوە بڵاویدەکەنەوە و خۆیان فێری کلکەلەقێ دەکەن لە ئەدەبی کوردیدا .....

لەلایەن منەوە ئەو چوار

یاقووتانە بە کاکە یان خوشکە دانیاڵ ئاوات ) حەڵاڵ بێت .

مروارییەکانی ناو قووڕاو

مرواری -1-

من دەتوانم تیکەنانەکەی دەمم بدەمە مناڵێکی برسی .

ئەی بۆ نەتوانم یاقووتەکانم بدەمە دانیاڵ ئاوات ....

مرواری -2-

چاوەڕێم ......

لەگەڵ سوپاسمدا